# کەسایەتیی هونەرمەندی گۆرانی واچ چییە؟

دارا محەمەد عوسمان هەورامی
(سلێمانی)
(٢- ٢)

**لەم جیهانەدا کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بەچی دەناسرێن؟**

هەمـوو گەلێـک، یـان هـەر میللەتێـک، لەنـاو ئـەم بوونـەدا، یـان لەنـاو ئـەم جیهانـەدا، بـە هونەرەکەیانـەوە دەناسـرێن، ئـەو میللەتانـەی ئاسـتی هونەرییـان بـەرزە، زیاتـر دەناسـرێن، تـا ئـەو گەلانـەی ئاستی هونەرییـان نزمـە، ئەگەرچـی میللەتـی وا هەیـە مێژووەکـەی زۆر دێرینـە، بـەڵام تـا ئێسـتا کـەم دەرکەوتـوون و کـەم ناوبانگـی هونەرییـان هەیـە، چونکـە لەژێـر چەپۆکـی داگیرکەرانـدا بـوون و بـە تـەواوی بواریـان بـۆ نەڕەخسـاوە. خـۆ ئەگـەر ئەوانیـش وەک گەلانـی پێشـکەوتوو ئـەو هەلەیـان بـۆ بڕەخسایە، ئـەوە ئەوانیش بەگوێرەی قـەوارە و پێکهاتـەی خۆیـان ئاسـتی هونەرییـان بـەرز دەبـوو.

بـۆ هەمـوو میللەتـان بـاری دەروونـی لەبـار پێویستە، بۆ ئـەوەی هونەرمەندانیان بەئاسوودەیی بتوانـن پـەرە بـە بـواری هونـەری خۆیـان بـدەن. بۆ نموونـە هەورامـان پێـش هـەزاران سـاڵ، هونـەری خـۆی هەبـووە، زۆر پێشـکەوتوویش بـووە، بـەڵام وەک پێویسـت ئـاوڕی لـێ نەدراوەتـەوە، یـان داگیرکـەران نەیانهێشـتووە وەک پێویسـت ئـەو هونـەرە پێشـکەوێت. هیـچ وڵاتێـک وەک هەورامـان (٧٢) جـۆر سـیاچەمانەی نییـە، یـان ئامێـری تەمبووریـان نەبـووە، کـە مێژووەکـەی بـۆ (٥٠٠٠) پێنـج هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر دەگەڕێتـەوە، یـان دەوڵەتیـان وەک دەوڵەتـی (مـاد، خڤەنیرەتـە، یان حـەوزەی سـیروان) نەبـووە.

«کۆمەڵێکی زۆر خەڵـک ئەگـەر هاوبـەش بـن، لـە دەربڕینـەکان و دابونەریت و بەها کولتوورییـەکان، ئـەوان لـە چاوەڕوانییەکانیـش هاوبەشـن و دوایـی ئەزموونەکانیشـیان بـە هەمـان شـێوە لێکدەدەنـەوە، بۆیـە هەمـان کولتـوور و بـە هەمـان شـێوە ڕەفتـار دەکـەن، ئەگـەر ڕووبـەڕووی تـەواوی ڕووداوە تایبەتییـەکان و جیاوازییەکانیـش ببنـەوە.» (١٠) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٤٥.

کەواتـە: کۆمەڵگـەی جیهانـی خاڵـی هاوبەشـیان هەیـە، لەبـارەی هونـەرەوە، بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێـت، کـە ئـەو میللەتانـە بەتـەواوی لەنـاو یەکتریـدا تواونەتـەوە، بەڵکـوو ڕەفتـاری هونەرمەنـد و نووسـەری ئێمـە لەگـەڵ کۆمەڵگـەی

ڕۆژئـاوا جیـاوازە، بـەڵام هونەرمەنـد و نووسـەران کاریگەرییـان لەسـەر یەکتـری هەیـە، هونەرمەندانـی ئێمـە بـە بیـر و ئەندێشـە و سـۆز بیردەکەنـەوە، بـەڵام لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بەپێچەوانـەوە خەیـاڵ و سـۆز و بیریـان نیشـان دەدەن.

هونەرمەنـدان زیاتـر کاری ئەرێنـی و جـوان و نایـاب فەراهـەم دەکـەن، لـەڕووی سۆزیشـەوە، بەرهەمـە هونەرییـەکان، بـە بەهـای مرۆڤایەتـی نیشـان دەدەن، بـۆ ئـەوەی هونەرمەنـد زیاتـر پـەرە بـە هونەرەکـەی بـدات و هونەرێکـی بـاڵا و پوخـت پێشـکەش بـە جەماوەرەکـەی خـۆی بـکات. لەنـاو میللەتانـی جیهانیشـدا هونەرمەنـدی بلیمـەت هـەن بەشـێوەی ئەکادیمـی مێـژووی هونـەری ئێمەیـان سـاغکردووەتەوە و لەسـەر هونـەری ئێمەیـان نووسـیوە، تەمیـرە بـە زمانـی فەرەنسـی کتێبیـان لەسـەر دانـاوە، بـە ناوونیشـانی: موزیـک و عیرفانـی ئەهلـی حەق (یارسـان) کـە لەلایـەن (سـودابە قەزایلی)یـەوە بـۆ زمانـی (فارسـی) وەرگێـڕراوە، کەواتـە: هونەرمەندانـی وڵاتـی ئێمـەش بـە دەسـتڕەنگینی کاری هونەرییـان کـردوو، هـەر ئـەوەش وەهـای کـردووە کـە کەسـایەتیی هونەرمەنـد بـەرز و بەنـرخ و پایـەدار بـکات و هونەرەکەشـی بـە بـەرزی پێشـکەشی بـە جەماوەرەکـەی بـکات، پەیامـی هونەریـش ئەوەیـە کـە مرۆڤـەکان لـە تەنگـژەی دەروونـی نالەبـار دووربخاتـەوە، لـە کەشـوهەوای لەبـار و ئـازاد نزیکیـان بکاتـەوە، هونەرمەنـدان ئـەوە ئامانجـی سـەرەکییانە، ئەرکـی هونـەری ڕەسـەن ئەوەیـە، کـە کۆمەڵگـە لـە شـەڕ و شـۆڕ و ئـاژاوە بـەدوور بـن، چونکـە کەسـایەتیی هونەرمەنـد هەمیشـە ژیانـی بـە کراوەیـی و ئاسـوودەیی دەوێـت.

دیارە داهێنـان و زەمینـەی لەبار بۆ هونەرمەند زۆر گرنگـە، چونکـە هەوڵ و تێکۆشـان بۆ زەمینەی لەبـار و کەشـوهەوای دروسـت و خۆشـنوودی بـۆ هونـەری ئـازاد بـە ئەرێنـی دێتـە ئەنجـام، کەواتـە هونەرمەنـد چارەنووسـی خـۆی بـە هـەوڵ و کۆشـش و تێکۆشـان و ئامانجـی مرۆڤایەتـی دەبەسـتێتەوە، هونەرەکەشـی بەشـێوەی بازنەیـی بەرفـراوان، دوور لـە ئـاژاوە و گێچـەڵ بـە ئاکامـی بـاش دەگات، (کیلـی) دەڵێـت: «مـرۆڤ دانـەری چارەنووسـی خۆیەتـی، نـەک قوربانـی بێـت.» (١١)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٤٧.

ڕوانگـەی ئـاوا ویسـت و ئـازادی و توانایـی بەهێـز بـۆ هونەرمەنـد بـەدی دەهێنێـت. بـە کورتـی؛ دەتوانـم بڵێـم: زمانـی هونـەری، زمانێکـی گشـتی جیهانییـە، بۆیـە بـۆ هونەرمەندیـش، ئـەو زمانـە زۆر گرنگـە و کەسـایەتیی هونەرمەنـد پارێزبەنـدی دەکات.

لـەوەش گرنگتـر ئەوەیـە، هونەرمەنـد بـە توانایـی خـۆی و بـە ڕەنجـی شـانی بتوانـێ خـۆی بژێنـێ، نـەک بـە دقنـەی فەقـێ خـۆی بژێنێـت کـە ئـەوەش کەسـایەتیی هونەرمەنـد دیـاری دەکات.

تەماشـا دەکەین هونەرمەندانی جیهان خۆیان کاری خۆیـان دەکـەن، نـەک چاویـان لـە دەسـتی دەسـەڵات بـێ، وەک لـە وڵاتـی ئێمـەدا دەبینیـن کـە هونەرمەنـد هـەر بەتەمـای بەخشـینی حکوومەتـە، حکوومەتیـش لـەو بارەیـەوە چـاوی خـۆی نووقانـدووە. کەسـایەتیی هونەرمەندیـش پارێـزراو نییـە و هونەرەکەشـی وەک پێویسـت نابێت.

پێگـە و پلەوپایـەی هونەرمەندانی وڵات ناجێگیـرە، ناتوانێـت بـە بەردەوامـی کارە هونەرییەکانـی بگەیەنێتـە ئەنجـام و هەمیشـە خـۆی کـردووە بـە قوربانـی هونەرەکـە، بـەڵام کارەکانیشـی بـواری باشـیان بـۆ نارەخسـێنرێت، چونکـە هونەرمەندانـی ئێمـە بـۆ بژێـوی خۆیـان وێـڵ و ئـاوارەن و هونەرەکەشـیان گۆشـەگیری پێوە دیارە. کەسـایەتیی

هونەرمەندەکەش بایەخی پێ نادرێت، چونکە بەرهەمی کەمە و وەک پێویست بە بوارەکەی خۆیەوە پابەند نابێت، کە ئامانجی سەرەکییەتی و لە (ڕا) دەربڕیندا ئازادیش نییە.

لێرەوە پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە، بۆچی هونەرمەندانی ئێمە ئەوەندە بایەخ بە کەسایەتییان نەدراوە؟ ئەگەر هونەرمەند ئازادانە بیربکاتەوە و گوشاری ژیانی لەسەر نەبێت، ئەوە ئەو هونەرمەندەی وڵاتی ئێمە هیچی لە هونەرمەندانی وڵاتانی ڕۆژئاوا کەمتر نییە، بۆچی ئەوان دەتوانن بەرهەمی شاکاریان هەبێت؟ بۆچی هونەرمەندانی ئەم وڵاتەی ئێمە وەک ئەوان نین؟ بێگومان هونەر و هونەرمەندانی ئەوان لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە ئازادن، بەڵام لە لای ئێمە هیچ ئازادییەکی بۆ نەڕەخساوە، بۆیە هەر بیر لە بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵی دەکاتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی هەندێک جار ئەگەر بەرهەمێکی بکەوێتە بازاڕەوە زۆر کەم بۆی ساغ دەبێتەوە، بەڵام لە لای ئەوان زۆر چاک بەرهەمەکەیان ساغ دەبێتەوە و خەڵکەکەشیان بە پەرۆشەوەن بۆ کڕینی ئەو بەرهەمانە، کەواتە لە وڵاتی ئێمە و ئەواندا بانێکە و چەندان هەوا.

«ئێمە میللەتێکین دەرگە و پەنجەرەمان نەبووە، هەموو کەس هاتووەتە ماڵمان، ئێستاش هەر وایە، شتەکانمان دەبەن و دەیکەن بە هی خۆیان...ئێمە دراوسێ دەورەی داوین. سێ نەتەوە چەندان ساڵە بنج و بناوانیان داکوتاوە.»
(١٢) کتێبی خالید سەرکار، ل١٢٠.

ئەو دراوسێیانە کە دەورەی وڵاتی ئێمەیان داوە، ئەوانە دراوسێی چاک نین، بەڵکوو داگیرکەری کوردستانن، هەریەکە لەو وڵاتانە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، ناهێڵن هونەری ئێمە، بە هەموو شێوەکانییەوە، بڵاوبێتەوە، هەرچەند نیشتمان ڕووگەی عیشق و خۆشەویستی مرۆڤەکانە، بەڵام لەلایەن ئەو دراوسێیانەوە بە بەشێک لە نیشتمانی خۆیانی دەزانن، بەڵام خەیاڵیان زۆر خاوە، چونکە نەتەوەی ئێمە نابێتە بەشێک لە نەتەوەی ئەوان، ئێمە خاوەنی کولتووری خۆمانین، بۆیە دەرگەکانمان دابخەین و نەهێڵین چی دی هونەر و ئاوازمان بدزن.

زۆربەی زۆری ئاواز و گۆرانی ئێمەیان کردووەتە موڵکی خۆیان، بەڵام ئەوانە نازانن ڕوحی هونەری هەر میللەتێک یان گەلێک، بە خاک و خۆڵی نیشتمانی خۆیەوە پەیوەستە. هونەرمەندان زێد و وڵاتی خۆیان خۆش دەوێت، بۆیە لە ئاواز و سروود و گۆرانییەکانیاندا ئەو مەیل و هەستە زۆر بە چاکی پەنگی خواردووەتەوە، کەواتە: هەست و مەیلی هونەرمەند زیاترە لە کەسێکی ئاسایی، هونەرمەند بە بیر و بە کردار و بە چالاکی ئەوەی سەلماندووە و کەسایەتی خۆشی وابەستەی مەیلی وڵاتەکەیەتی، خوای گەورەش خۆشەویستیی نیشتمانی بۆ مرۆڤ یاساغ نەکردووە.

(کاتێل) پێناسەی (سیمە) دەکات، وەک مەیلێک بۆ وەڵامدانەوەی لای کەسێک، ئەو مەیلە بەشێکی بەردەوامی ڕێژەییە لە کەسایەتی ئەو کەسە، کەواتە بۆ ئەوەی تەواو لە کەسێک تێبگەین پێویستە بە وردی شێوەی گشتی ئەو سیماتانەی بزانین، کە کەسەکە دیاری دەکەن، وەک تاکێک.
(١٣) کەسایەتیی و سروشتی مرۆڤ، ل٣٥٧.

کەواتە: کەسایەتیی مرۆڤ، لە بوونی مرۆڤەوە، بۆ ئەوەیە کە پلەوپایەی کار و چالاکی بەگوێرەی ئەو مەیلە دیاری دەکات. هونەرمەندیش لەو ڕوانگەیەوە چاک مانای مەیل دەزانێت.

داگیرکەران بۆیە هەوڵیان داوە، هونەر و ئاوازی وڵات پێش نەکەوێت، بۆ ئەوەی دەنگ و ڕەنگی

میللەتی ئێمە دەرنەکەوێت و نەناسرێت، بۆیە هەمیشە، بۆ ژێر چەپۆک کردنی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئاریانڤاچەکان لە کەمیندابوون تا گەشە نەکات، ئیدی نازانن؛ بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە زاری سەرەکی کورد تا (٥٠٠ پ.ن) دیمیلی (زازایی) و گۆران (هەورامان) بوونە، سەرانسەری باکووری ئێستای کوردستان بە زازایی دواون، سەرانسەری باشووریش بە گۆران. ئەگەر تەماشای ئاوازی شمشاڵ بکەین، دیارە ئاوازەکە بە ئامێری شمشاڵ ساز لێ دەدرێت، هەروەها ئامێرەکە بە موزیکی پەنجە دێتە هەژمار کردن و موزیکی پەنجەی هەستییە. (هەستی) واژەیەکی گونجاوە بەرانبەر بە وجود، هەبوون، بوون، بین (Been) بە ئینگلیزی بوون، هەبین، هەبوون، هەروەها ئامێری شمشاڵ ڕەسەنایەتی دەنگەکان بە لێدانی سۆڵۆکانی موزیک زۆر بە چاکی هەستی پێ دەکرێت، کام دەنگ هی کام میللەتە؟ بۆیە سەرتاسەری وڵاتی ئێمە، هانای بۆ فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆی بردووە، وەک دەر و دراوسێکانی وڵاتی کوردستان نەبوون هەر ئاواز و گۆرانی ئێمەیان بە تاڵان بردووە. ئەگەر موزیکژەن و نووسەر و لێکۆڵەرەوان بۆ گەڕان بەدوای ئەو هەموو بەرهەمە هەوڵ بدەن، ئەوە لە پاشەڕۆژدا بۆ داگیرکەران دەردەکەوێت، هونەر و ئاوازی وڵاتی ئاریانڤاچەکان چەندە بەری فراوان و دەوڵەمەندە.

«زۆربەی زانا و ڕۆژهەڵاتناسان لەو باوەڕەدان، کە زمانی ئاڤێستا زمانی میدیایە، چونکە زەردەشت پەیامبەر مرۆڤێکی ماد، یان (میدی) بووە، لە دەڤەری ئەو وەختەی (میدیا) بووە، هەر بۆیەش ئایینە کۆنەکان بەشێوازی شیعر داڕێژراون، وەک زەردەشتی و دواتریش یارسان (کاکەیی).» (١٤) کۆبەرهەم، بەرگی هەفتەم، ل١٠١.

دیارە ئەو سەردەمەش، تا ئێستاش ئەو بەرهەمە، کە ئاڤێستا و کاکەیی و یارسانەکان بە هەورامانی گۆزمان دەکەن، چونکە ڕەگوڕیشەی ئەو فەرهەنگە، بە دیاردەی ژیاری و شارستانیەتی میللەتەکەمان دێتە هەژمار کردن و هەر بە پێشکەوتوویی بەردەوامی دەبێت.

بەپێی بۆچوونی ئێمە ژینگە کاریگەری لەسەر کەسایەتیی هونەرمەند دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ژینگە لەبار بێت، واتە: باری دەروونی و باری کۆمەڵایەتی، بە حەواوەیی دەبێتە هۆی ئەوە، کە هونەرمەندی سیاچەمانە چڕ، زیاتر دەتوانێت ئاوازە بەرزەکان پێش بخات. بۆیە لە هەشتاکاندا هونەرمەندان نەیانتوانی ئەو ئاوازانە زیاتر ببووژێننەوە، چونکە نە باری کۆمەڵایەتی و نە باری ئابووری و نە باری ژینگە لەبار نەبوون، چونکە لادێکان بە درێژایی و بە قووڵایی (٢٠) کیلۆمەتر لە هەورامانەوە تا زاخۆ، وێران کران و کرانە سووتماک.

«(کاتێل) چەندان لێکۆڵینەوەی دەربارەی کاریگەری ژینگە لەسەر تاک نەک تەنیا دەربارەی ژینگەی ڕاستەوخۆی کەسەکە، بەڵکوو ژینگە گەورەکە (ژینگە کۆمەڵایەتییەکە و کولتوورییەکە) کرد. بەپێی خەسڵەتەکانی چۆن وەسفی تاک دەکرێت؟ دەکرێت بەهەمان ڕێگەش وەسفی کۆمەڵگە بکرێت، بەپێی هۆکارە بابەتییەکانی، هەروەها خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە بەگشتی. (کاتێل) پێمان دەڵێت: (نیشانەگەری - مۆرک)، (Syntatity) کە بریتییە لەو خەسڵەت و ڕەفتارانەی کە بە توێژێکی کۆمەڵایەتی گەورەوە پەیوەستن و (کاتێل) دەڵێت: دەبێت لە کەسایەتیی تاک تێبگەین، لە ڕێگەی ئەو نیشانەگەرییەوە ئەو

توێـژە کۆمەڵایەتییانـەی، کـە کار دەکەنـە سـەر تاکەکـە، وەک: (ئاییـن و هاورێیەتـی و قوتابخانـە و وڵات)، (کاتێـل) چەنـدان هـۆکاری بـاس کردووە، کـە ئـەو نیشـانەگەرییە دەیانگرێتـەوە. بـۆ نموونـە دەربـارەی وڵات هەشـت نیشـانە و مۆرکـی دیـاری کـردووە، لەوانـە، قەبـارە و ڕاسـتی و ڕۆشـنبیری و لایەنـی ڕوحـی و ورەیـی و...» (١٥) کەسـایەتی و سروشـتی مـرۆڤ، ل٣٧٠.

ئـەو قوتابخانانـە کـە (کاتێـل) باسـیان دەکات، ڕاسـتی ئـەو کەسـە لێهاتووانـە دیـاری دەکات، تـا چەنـد لـە بـوارە جیاجیاکانـی ژیانـی هونەریـدا کەسـایەتی خۆیـان پاراسـتووە.

کەواتــە پێویســت دەکات، لــە کەســایەتیی هونەرمەنـد تێبگەیـن، هەروەهـا لـەو نیشـانە و مۆرکـەش تـێ بگەیـن، کـە کاریگـەری لەبـاری کەسـێتی و لایەنـی دەروونـی هونەرمەنـد هەیـە، بۆیـە هونەرمەنـد نابێـت کەسـایەتی خـۆی بـە لاواز بزانێـت، دەبێـت کەسـایەتی خـۆی بەهێـز و تۆکمـە بـکات، چونکـە ئامانجـی هونـەر وەک ئاوێنە ڕوون و بێگـەردە، هونەریـش خاڵـی لاواز قەبـووڵ نـاکات. مانـەوەی ژیـاری و شارسـتانی پەیوەسـتە بـە هونـەرەوە، هەروەهـا دەبێـت کەسـایەتیی هونەرمەنـد، پارێزبەنـدی هەبێـت و لـە بوارەکـەی خۆیـدا سـەرکەوتوو بێـت، ئەگـەر ئـاواز و گۆرانـی گەشـبینییان پێـوە دیـار نەبێـت، ئـەوە ئـەو هونـەرە لایەنـی زۆر لاوازی دەبێـت.

هونـەر لایەنـی مەعریفـی و حەقیقەتـی میللـەت دیـاری دەکات، (کاتێـل) گەشـبین بـوو بـە توانایی مـرۆڤ، بۆ چارەسـەری دەردە کۆمەڵایەتییەکانیان، لـەو بـارەوە دەڵێـت: «خەڵـک ئەندازەیەکـی زیاتـر لــە مەعریفــە و لــە کۆنترۆڵکردنــی ژینگەیــان دەســتەبەر دەکــەن و زیرەکــی خەڵــک بــەرەو زیادبــوون دەڕوات.» (١٦) ســەرچاوەی پێشــوو، ل٣٧٧.

تـا هونەرمەنـد زانـا و شـارەزا بێـت و زانیاری خۆی زیـاد بـکات و هەسـت بـە کەرەسـتە هونەرییـەکان بـکات و بایەخیـان پـێ بـدات، وڵات بـەرەو ئاوەدانـی و پێشـکەوتن دەبـات، چونکە ئەمـڕۆ جیهـان بـەرەو چەرخـی ڕۆشـنگەری دەڕوات، هەروەهـا پێشـکەوتنی هونـەر هەنگاوێکـە بـۆ ئـەوەی هونەرمەنـدان زیاتـر هــەوڵ بــدەن ئــەو مەیدانــە بەشــێوەی زانســتی ســەردەم هونەرەکەیــان پێــش بخــەن، کەواتــە زیندووکردنـەوەی زمانـی زگمـاک، وزەیەکـی گـەورە بـە هونـەر و هونەرمەنـد دەدات بـۆ ئـەوەی ئەنجامی لێکۆڵینـەوە و چۆنیەتـی بەکارهێنانـی زمانـی خـۆی، سـەقامگیری بـۆ کەسـایەتیی هونەرمەنـد دابیـن دەکات، چونکـە هونەرمەنـد بەهـۆی زمانەکـەی خۆیـەوە دەتوانـێ لـە زمانـی هونـەری وڵاتانـی جیهـان تێبـگات و بەرهەمەکەشـی ڕەواجـی هەبێـت، وەلـێ مخابـن دامودەزگاکانـی ئێمـە، ئـەو بایەخـە بـە هونـەر و هونەرمەندانـی خۆمـان نـادەن، بـەڵام بـە دەیـان بەرنامـە و پڕوپاگەنـدە لەسـەر شاشـەکانمان بـۆ هونـەر و هونەرمەندانـی بێگانـە بڵاودەکەنـەوە.

هونـەری ڕەسـەن، یـادەوەری لـە دڵ و دەروونـی جەمــاوەر تۆمــار دەکات، هەروەهــا نــەوە بــۆ نەوەیەکــی تــر ئاســتی گوێگرتنیــان بــۆ ئــاواز و گۆرانــی جیــاوازە. ئــاوازی ڕازیانــە ڕازیانــە، پــەری پــەری، ئــەم دوو ئــاوازە بــە دەنگــی خــۆم لەگـەڵ تیپـی موزیکـی (مەولـەوی) و بـە شـیعری (کاردۆخــی) ڤیدیــۆ کلیپەکــەم لــە تەلەڤزیۆنــی کەرکــووک لــە ســاڵی (١٩٧٩) تۆمــار کــردووە، بــەم شــێوەیە:

**١- ڕازیانە ڕازیانە هۆ گوڵە بە ڕیحانە**
**یار بۆ دەنگی نایێ، لەو دەور و هەیوانە**
**کۆن وەشی جارا ساڵا ویەردەی**
**چەنی نازارا دەس جە مل کەردەی؟**

**ڕازیانە ڕازیانە هۆ گوڵە بە ڕیحانە**
**یار بۆ دەنگی نایێ، لەو دەور و هەیوانە**
**کۆن هاژە هاژ و وەرواوا سەر کۆی**
**کۆن قاسپە قاسپ و ژەرەژا بەمۆی**
**٢- ئای پەری پەری گوڵ پەری زادە**
**ڕەحمەت لەو دایکە تەمێی تۆی داوە**
**هامنا گەرما وەهار سەرشییەن**
**ولی وای بەردی دڵ خەمگین بییەن**
**ئای پەری پەری گوڵ پەری زادە**
**ڕەحمەت لەو دایکە تەمێی تۆی داوە**
**بولبولی سەروەش چەمێو کەرەوە**
**هەتا متاوی پەی وێت گرەوە**
**ئای پەری پەری گوڵ پەری زادە**
**ڕەحمەت لەو دایکە تەمێی تۆی داوە (١٧)**
مێژووی موزیکی هەورامان، ل٢١٤.

ئـەم ئـاوازە باسـی زێـدزادەی هەورامـان دەکات کـە چـۆن ڕژێمـی بەعـس، شـار و شـارۆچکەکانی کوردستـانی وێـران کـرد، هـاواری شـاعیر و دەنگـی هونەرمەنـد و ڕووخاندنـی کەسـایەتیی میللەتـی کـورد، بـە سـەرجەم چیـن و توێژەکانییـەوە یەکـەم کاری ئـەم ڕژێمـە بـوو، لەو ماوەیـەدا هونەرمەندان، بـە دەنـگ، بـە ڕەنـگ، بـە تفەنـگ، بەرگرییـان لـەو زێـدە ئازیـزەی خۆیـان دەکـرد، هەروەهـا بـە ڕەمـز زۆر جـار شـیعریان بـۆ گۆرانییەکانیـان دادەنـا، بـەوەش دەیانتوانـی ئـاواز و گۆرانـی پێشـکەش بـە نەتەوەکەیـان بکـەن.

هونەرمەنـدان جگـە لـەوەی بـە ڕەمـز ئاوازیـان دەچڕی، بە شێوازێکی تر شیعری شاعیرانی تریان دەکـرد بـە ئـاواز، وەک: (مەولـەوی، بێسـارانی، وەلـی دێوانـە، گـۆران، پیرەمێـرد، ئەحمـەد بەگـی کۆماسـی، فەقـێ قـادری هەمەوەنـد، کاردۆخـی)، چونکـە ئـەم شـاعیرانە، پێـش ئـەوەی عێـراق دروسـت ببێـت، شـیعری نیشـتمانییان گوتـووە، هەروەهـا لاواندنـەوەی سـیاچەمانە چـڕان هەبـوو، وەک: عوسـمان کەیمنەیـی، حەمەحسـێن کەیمنەیی، شـەفیع کەیمنەیـی و جەمیـل نەوسـوودی...)، ئـەم هونەرمەندانـە بـە ئـاوازی بەرزەچـڕی لاواندنـەوە بەرگرییـان لـە بوونـی هونـەر و نەتەوەکەیـان دەکـرد. بـە دەنگـە ڕەسـەنەکەیان، دڵ و دەروونـی جەماوەریـان هێمـن و ئـارام دەکـردەوە، بۆیـە ئـەو چـوار هونەرمەنـدە کـە بـە شـیعری بەرخـودان ئاوازیـان دەچـڕی، ئـەو ئاوازانەیـان دەهێنایـە بەرهـەم و زۆر جاریـش شـیعری فۆلکلۆرییـان بـۆ بەرهەمەکانیـان دەسـازاند، بـە ئامێـری تەمبـوور و شمشـاڵ ئەوەنـدەی تـر ئاوازەکانیـان پـڕ جۆشوخرۆش دەکرد، بەم شێوەیە بە چوار قۆڵی ئەو ئاوازانەیان دەچڕی، کە ئەوەش کەسایەتیی ئـەو هونەرمەندانـە بەرهەمـدار دەکات:

**خوایە لەو کەلە زوو بمخەیتەوە بان**
**وزیم وە مابەین (بەڵخە) و (سۆسەکان)**
**هورزە با بلمێ ملە بە ملێ**
**پەیما حەراما، لا بلا و دەرولێ**
**بدیە تەوەنێ پل پل و بازا**
**(مێشلە)ی تنگنانشۆ (بەڵخە) بێ نازا (١٨)**
سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

هەڵبەتـە ئـەم ئـاوازە بـەرزە چڕانـە، هەمـوو هونەرمەندێکـی گۆرانـی واچ ناتوانێـت بیچڕێتـەوە، بۆیـە هەمـوو گۆرانـی واچێـک، سـیاچەمانە چـڕ نییـە، بـەڵام هەمـوو سـیاچەمانەچڕێک، گۆرانـی واچـە و سیاچەمانەچڕیشـە. خـۆی لـە بنەڕەتـەوە، ئاوازەکانـی سـیاچەمانە بـە شـیعری (گاتـاکان)، لـە سـەردەمی موغەکانـی زەردەشـتی، لەبـەردەم ئاتەشـکەدەکانی زەردەشـتیدا، ئـەم سـروودە ئایینییانەیـان چڕیوەتـەوە. دووبارە و سـێ بـارەی دەکەمـەوە، هونەرمەنـدان لەبەردەمـی بەرپـرس

**و دەزگا حکومییەکانـدا نەپارێنــەوە، بـۆ ئــەوەی بەرهەمێکیـان بـۆ تۆماربکـەن، چونکـە کەسـایەتیی هونەرمەنـد زۆر لـە تـا پلـە و پایـەی ئـەم و ئـەو گەورەتــرە.**

**سەرچاوەکان**


١- پرۆفیسـۆر دوکتـۆر یووسـف حەمەسـاڵح مستەفا، کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سـەڵاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٩)ی زایینـی. ل٢٧٤.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٥.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣.

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٦.

٦- دارا محەمـەد عوسمان، فۆلکلۆری هەورامان، دەسخەت، چاپ نەکراوە، ل١٧.

٧- پرۆفیسـۆر دوکتـۆر یووسـف حەمەسـاڵح مستەفا، کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سـەڵاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٩)ی زایینـی، ل٣٣٥.

٨- مـەلا عەبدولکەریمـی مودەڕیـس، دیوانـی مەولـەوی، چاپخانـەی سـنە کوردسـتان، چاپـی یەکـەم، سـنە، سـاڵی (١٣٨٥)ی هەتـاوی، ل٥٢٣-٥٢٤.

٩- پرۆفیسـۆر دوکتـۆر یووسـف حەمەسـاڵح مستەفا، کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سـەڵاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٩)ی زایینـی، ل٢٧٤.

١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٥.

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٧.

١٢- خالید سـەرکار، هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید، چاپخانـەی بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتی کتێبخانـەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٩)ی زایینی، ل٥٧.

١٣- پرۆفیسـۆر دوکتـۆر یووسـف حەمەسـاڵح مستەفا، کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سـەڵاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٩)ی زایینـی، ل٢٧٤.

١٤- فەلەکەدیـن کاکەیـی، کۆبەرهـەم، بەرگـی هەفتـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، سـاڵی (٢٠١٥)ی زایینـی، ل١٠١.

١٥- پرۆفیسـۆر دوکتـۆر یووسـف حەمەسـاڵح مستەفا، کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سـەڵاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٩)ی زایینـی، ل٣٧٠.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٧.

١٧- دارا محەمـەد عوسمان، مێژووی موزیکی هەورامـان، چاپخانـەی پەخشـی سـەردەم، چاپـی یەکـەم، سلێمانی، ساڵی (٢٠١٠)ی زایینی، ل٢١٤.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.